www.kurdistannet.org
12-2-2007 16:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خوێندکارانی زانکۆ رێز لە یاساکانی هاتوچۆ ناگرن ... حیکمەت مەعروف

hmks7@yahoo. com



یەکێك لە دیمەنە هەرە ناشیرینەکانی ئێستای شاری سلێمانی شکاندنی یاساکانی هاتوچۆیە. رۆژانە دەیان شۆفێری بێ مۆڵەت بێ ئەوەی حساب بۆ ژیانی خەڵك بکەن، دێنە سەر شەقامەکان و بەسەر نەبوونی مۆڵەتی شۆفێریشەوە یاسای هاتوچۆ پێشێل دەکەن. رۆژانە دەیان شۆفێر بە خێرایی نەگونجاو ئۆتۆمبێلەکانیان لێدەخورن و ژیانی کەسانی تر دەخەنە مەترسییەوە، رۆژانە چەندین شۆفێر بە (تایبەتی لە دوای عەسرەوە) لە دەباشانەوە بە مەستی دێنەوە ناوشار و بێ هیچ دەروێستییەك شۆفێری دەکەن و جگە لە مەست بوونیان بە خێراییەکی نەگونجاو ئۆتۆمبێل لێدەخورن. رۆژانە لە ئەنجامی ئەم سەرپێچییانەوە رووداوی ناخۆش دەکەونەوە و چەند کەسێك ژیان لە دەست دەدەن یان بریندار و کەمئەندام دەبن. گەر مانگانە بچینەوە بەسەر ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆدا، بۆت دەردەکەوێت کە لەم شارەدا چۆن بێ رێزی بە یاساکانی هاتوچۆ دەکرێت، بۆت روون دەبێتەوە لە ئەنجامی سەرپێچیکردنی یاساکانی هاتوچۆوە چەند مرۆڤ ژیان لە دەست دەدەن یان بریندار و کەمئەندام دەبن. ئامارەکە بە شێوەیەکە ناکرێ بێ ئەوەی لەبەرچاو بگیرێ و حسابی بۆ بکرێت تەنها ئامارێك بێت و هیچی تر. هەموو ئەوانەی سەرەوە کە باسم کرد لە وانەیە کەسێك هەبێت بڵێت راستن، بەڵام ئەمە کاری خوایە و قەزاو قەدەرە!؟ یان بڵێن ئەوانەی یاساکانی هاتوچۆ دەشکێنن خەڵکانێکی نەخوێندەوار یان گەنجانێکی هەڵەشە بن و خۆیان وردە وردە هێور دەبنەوە!! ئەوانەی کە باسم کردن مەبەستی ئەم بابەتەی من نین. ئەوەی من دەمەوێت لەسەری بنووسم ئەو خوێندکارانەی زانکۆیە کە بە دووری (100) مەتر لە زانکۆکەیانەوە، کاتێك دەیانەوێت بچنە ئەوبەری شەقامەکە و سواری پاسەکان ببن، بە بەرچاوی ئەو پۆلیسی هاتوچۆیەوە کە هاتوچۆی شەقامەکە رێك دەخات، یاسا دەشکێنن. ئەمەم بەچاوی خۆم بینی و با بۆتان باس بکەم:

دوێنێ لە دوای کاتژمێری (4) ی عەسرەوە بەکارێك دەبوو بچمە ناو بازار، کورتترین رێگە بۆ من ئەوە بوو لە چوار رێیانی سەرووی زانکۆوە بچمە خوارەوە بۆ سەر شەقامی حەمدی (قەنات)، لەو کاتەدا من گەیشتمە ئەوێ، برا پۆلیسەکە، هێمای دەرچوونی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە کرد، کە لە مەجیدبەگەوە دەیانەوێت رووەو ئاسایشی سلێمانی برۆن. لەو کاتەدا من یەکێك بووم لەوانەی کە دەبوو بوەستم و چاوەڕێی ئەوەم بکردایە کە پۆلیسەکە ئەو رێگایەی بگرتایە و من بۆ شەقامی زانکۆ بپەڕمەوە. بە هەمان شێوەی من کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆ لەو بەرەوە دەیانویست بێن بۆ پاسەکانیان کە لە بەری کۆلێژی بازرگانی ئێواران بۆ نەفەر دەوەستن. بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ یاسای هاتوچۆ بکەن یان هەر هیچ نەبێت لەبەر شعوری ئەو ئینسانەی کە بۆ خزمەتی ئەوان، هاتوچۆی ئەو چوار رێیانە رێك دەخات، بە نێوانی ئۆتۆمبێلەکاندا یەك یەك و دوو دوو بە راکردن دەهاتنە ئەمبەر! پێم سەیر بوو، گەر خوێندکاری زانکۆ بەم شێوەیە بێت، ئەی خەڵکی تر چی بکەن!؟ ئەگەر توێژە هەرە خوێندەوارەکەی سلێمانی بە بەرچاوی خەڵکەوە بە پەلە بە نێو ئۆتۆمبێلەکاندا بێن و بچن، دەبێت خوێندکارەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەوێدا دوو گۆڵ دابنێن و دەست بکەنە یاری کردن!؟ خۆم پێنەگیرا و کاتێ سەرەی من هات کە بە عەرەبانەی کەمئەندامییەکەمەوە بپەڕمەوە ئەوبەر، بە پۆلیسی هاتوچۆکەم وت: ئەوە ئەو خوێندکارانەی زانکۆ بۆ ناوەستن بۆ هێما کردنەکەی تۆ؟! تەنها بە سەر لەقاندنێك کە پڕ لە هەست کردن بوو بە حساب نەکردن بۆ ئەو کە یاساکە جێبەجێ دەکات وەڵامی دامەوە. بۆم دەرکەوت کە بەشێکی زۆری خوێندکارانی زانکۆ ئاوا رۆژانە یاسای هاتوچۆ پێشێل دەکەن! بە دڵنیایی ئەم کارە کاری هەموو خوێندکارانی زانکۆ نییە، بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کە یاسای هاتوچۆ ناشکێنن بەشێکی کەمیانن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.